# سیاسەتی ناوخۆیی مستەفا کەمال (چاکسازییەکان)

- گۆڕانە سیاسییەکان
- گۆڕانە دەستوورییەکان
- هەنگاوەکانی بە علمانیکردنی دەوڵەت
- تێکدانی سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆن
- گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان
- باری فێرکردن و تەندروستی

# – گۆڕانە سیاسییەکان

– وەستانەوە دژی لایەنگیرانی خەلیفە و بنەماڵەی عوسمانی.

– چەسپاندنی دەسەڵات و خۆزاڵکردن بەسەر کایە سیاسییەکانی دەوڵەتدا لە ناوخۆدا. لەسەر ئاستی دەرەکیشدا ڕێگرتن لە دەستێوەردانەکان بە بیانووی پارێزگاریکردن لە مافی کەمە ئایینییەکان.

– بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی فیکری کۆمۆنیزمی و نازیەت و فاشیەت.

– هەنگاونان بەرەو لێك جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و کایە سیاسییەکانی.

– گرتنەبەری ڕێچکەیەکی نوێی سیاسی و دۆزینەوەی چەمکێکی نوێی حوکمڕانی، (واتە دیکتاتۆریەت بە ناوی دیمۆکراتیەت).

## - گۆڕانە دەستوورییەکان

- ئەنجوومەنی نیشتمانی لە (20ی نیسانی 1921) دەستووری تورکی گەڵاڵە کردبوو، کە لە (24) ماددە پێکهاتبوو لە پاڵ دەستووری عوسمانی. ئەو ماددە زیادکراوانە هیچ بەریەك کەوتن و دژیەکێکیان نەبوو لەگەڵ دەستووری عوسمانی.
- بە بۆنەی ڕاگەیاندنی سیستەمی کۆماری لە (29ی تشرینی یەکەمی 1923) هەندێك هەموارکردنی لێهاتە ئارا.
- ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورەی تورك لە (30ی نیسانی 1924) دەستووری نوێی ڕاگەیاند، کە لە (105) ماددە پێکهاتبوو.
- ئەنجوومەن خاوەنی سێ دەسەڵات بوو: (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری).
- ئایین لە مەودایەکی بەرتەسکدا قەتیس کرا، تەمەنی بەشداربووانی هەڵبژاردنەکانی بۆ (22)ساڵی بەرز کردەوە.

## - هەنگاوەکانی بە علمانیکردنی دەوڵەت

- پێشتر ڕەتکردنەوەی پایەی شێخولئیسلام و وەزارەتی ئەوقاف.
- (8ی نیسانی 1924) دادگاکانی شەرعی هەڵوەشاندەوە. تەکیە و زاویە و خانەقاکانی داخست و ڕێبازە سۆفییەکانی قەدەغە کرد.
- (1926) کۆمەڵە قانوونێکی مەدەنی گەڵاڵە کرد لەسەر قانوونە سویسرییەکان پاش ئەوەی قانوونە باوەکانی پێشووی ڕەتکردەوە (مجلە).
- لە هەمان ساڵدا قانوونی سزا نوێیەکانی لەسەر بنەڕەتی قانوونی سزاکانی ئیتاڵی پیادەکرد.
- (10ی نیسانی 1928) ئەو ماددە دەستوورییەی کە ئایینی ئیسلامی وەك ئایینی فەرمی دەوڵەت پێناسە کردبوو لابرد. تەنانەت ڕۆژمێری (کۆچی)یشی بۆ (زایینی) گۆڕی. پشتکردن لە بەکارهێنانی پیتی عەرەبی.
- سیما مەدەنییەکان (پێوەری مەتری، ژمارە بۆ خانوو و باڵەخانەکان، ناونانی شەقامەکان، کڵاو لەسەرنان..) .
- لە (1934) قانوونی نازناوەکان پیادە کرا، ئەو نازناوانەی پێشوو کە گوزارشتبوون لە پایەی کۆمەڵایەتی، وەك: (پاشا، بەگ، ئەفەندی، خانم...) ڕەتکرایەوە.
- (1935) پشووی هەفتە لە هەینییەوە گۆڕدرا بۆ یەکشەممە.

## – تێکدانی سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆن

– هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە مستەفا کەمال ویستی سیستەمی کۆنی عوسمانی ڕیشەکێش بکات. بۆیە تاوەکو سیماکانی کۆمەڵگای پێشوو لەناوببات بنەڕەتی نوێی بۆ دەوڵەتە نوێیەکەی دانا. پاشماوەکانی دەرەبەگیی سەربازیی کۆتایی پێهێنا لەپێناو ئەوەی جووتیاران ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتدا بکەن.

– دەرکردنی کۆمەڵێك قانوونی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەلی دەستێوەردانی بیانی لە کاروباری ناوخۆ نەهێشت.

– حکومەت لە ڕێگەی پرۆگرامە نوێیەکانی خوێندنەوە کاری بۆ یەکخستنەوەی سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری کرد. ئامانج لەوەش دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نوێی دابڕاوی پەیوەندی بوو لەگەڵ کۆمەڵگەی کۆندا (پێشوو).

## - گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان

– کەمالییەکان هەمیشە عوسمانییەکانیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە بەربەست بوونە لە بەردەم ئازادیی فیکری و دەستەوەستان بوونە لە هێنانە ئارای کۆمەڵگایەکی پیشەسازیی شارستانی.

– لە نێوان سالانی (1928–1934) کۆمەڵێك قانوون و بڕیاریان دەرکرد لەپێناو دەرکەوتنی ڕۆڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئافرەتان. هەوڵی زۆر درا بۆ یەکسانکردنی مافەکانی پیاو و ژن. تەنانەت قانوونێکیان دەرکرد بۆ قەدەغەکردنی فرەژنی. (دەرکەوتنی سفور/ بڵاوبوونەوەی تیاترۆخانەکان/ دروستبوونی لە ڕێلادان و پەیدابوونی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی).

– قانوونی سەربازیکردنی بە زۆر و ناردنیان بۆ دەرەوە تاوەکو سیماکانی گۆڕانکاری سروشتی بکرێ. (بدل).

– دروستکردنی شاری نوێ و بەرفراوانکردنی ئەوانی دیکە بووە هۆی ڕەخسانی هەلی کاری نوێ و جیاواز لە کاری کشتوکاڵی. بۆیە کەمالییەکان ڕێگەکانی کۆچی ناوخۆییان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان کردەوە، کە بە نۆرەی خۆی یارمەتی تێکچوونی شیرازەی خێزانی دا. (داڕمانی ڕێزگرتنی نەوەکان لە باوانیان و پشتگیریکردنی دەوڵەت لەو یاخیبوونە، کە بە وێنەی پێشکەوتن و ڕووخسارەکانی دادەنا).

– ئازادییەکان بەو ئەندازەیە گەیشت تەنانەت ئایینییش بگۆڕدرێت.

## - باری فێرکردن و تەندروستی

- کردنەوەی قوتابخانەکان و قەدەغەکردنی مەدرەسەکان.
- گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن و پیت و ڕێنووس.
- گرنگیدان بە هێنانە کایەی دەستەیەکی نوێی ڕۆشنبیر لە ڕێگەی ناردنە دەرەوەی قوتابیان.
- گرنگیدانی زۆر بە ژیانی تەندروستی و پاککردنەوەی شار و ڕێگە سەرەکییەکان و شەقامەکان.
- دروستکردنی نەخۆشخانە و کردنەوەی تیمارگە و گرنگیدان بە هۆیەکانی چارەسەری.
- سەرباری هەوڵەکانی کەمالییەکان لەم بوارانەدا، ئەنجامەکانی چاکسازی سنووردار بوون.

بابەتی داهاتوو

# پەیوەندییە دەرەکییەکانی تورکیا لە سەردەمی مستەفا کەمال

slidesgo